پۆلیسی هاپەڕین تۆمەتبارێکی دەستگیرکرد کە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە خەریکی فریودانی ئافرەتانە

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ئیدارەی هاپەڕین رایگەیاند، تۆمەتبارێك كە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە خەریکی فریودانی ئافرەتانە بەناوی ئەوەی گوایە دایاندەمەزرێنێت، "داوای وێنە و زانیاری و پارەی لێکردون".

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاپەڕین لەڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، "هێزەکانمان لە نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر (مکافحە) کەسێکیان دەستگیرکردن کە لە ڕێگەی پەیجەکانەوە ئیکلامی بۆخۆی کردوە گوایە ئافرەت دادەمەزرێنێت وەك سکرتێری پزیشك و یاریدەدەری دەرمانساز بەبێ ئەوەی هیچ شارەزایەکی لە تەندروستیدا هەبێت یاخود هاسپێردرابێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لە ئیکلامەکاندا ژمارە مۆبایلی خۆی داناوە و دواتر لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان سەدان ئافرەتی فریو داوە و داوای وێنە و زانیاری کەسی لێکردون".

ئەوەشیخستەڕو، "دوای دەستگیرکردنی، تۆمەتبارەکە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و بە وتەی خۆی لە ساڵی 2019 تا ئێستا خەریکی ئەو کارەیە و وێنەی کەسانی دیکەی بە ئافرەتان

ناردوە و پێی وتون ئەوە خێیەتی بێ ئەوەی ئاشکرا نەبێت".

باسی لەوەشکردوە، "دوای دەستبەسەرداگرتنی مێبایلەکەی، دەرکەوت سەدان وێنەی ئافرەتانی تێدایە، تێمەتبار تێەکانی سناپ و ڤایبەر و واتسئاپی بێ گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا بەکارهێناوە و جگە لەوێنە و زانیاری کەسی داوای پارەشی لێکردون".

پۆلیسی ئیدارەی راپەڕین رونیشیکردەتەوە، "پاش ئەوەی لەبەردەم پۆلیس و دادگا دانی بەتاوانەکەیدا ناوە، بە بێیاری دادوەر بەپێی ماددەی 456 لەیاسایی سزادانی عیراقی ڕاگیرکراوە کە دانیشتوی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕینە".